https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.18

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە لەسەر دەستکەوتی فێرخوازان لە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە فاکەڵتیی پەروەردە- زانکۆی کۆیە

پ. د. جبار احمد عبدالرحمن        هاوژین نریمان احمد

زانکۆی کۆیە- کلینیکەڵ سایکۆلۆجی        زانکۆی کۆیە- پەروەردە و دەرونزانی

Jabar.ahmed@koyauniversity.org

Hawzhin.nariman@koyauniversity.org

**پوختەی توێژینەوەکە**

ئامانجی توێژەران لەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە زانینی کاریگەریی ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە لەسەر دەسکەوتی خوێندن لە بابەتی ڕێگەکانی وانەوتنەوە لای فێرخوازانی فاکەڵتیی پەروەردە. توێژەران لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی توێژینەوەی نیمچە ئەزموونییان بەکارهێنا، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٣٠) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەز (نێر، مێ) کە بە شێوەی مەبەستدار لە قۆناغی سێیەمی بەشی پەروەردە و دەرونزانی هەڵبژێردران. لەم توێژینەوەیەدا ئەم ئامرازە ئامارییانە بەکارهاتن: کای دووجا (کا[٢])، هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ، تاقیکردنەوەی تی، هاوکۆلکەی پەیوەندیی پێرسۆن، هاوکۆلکەی گرانی، هاوکۆلکەی جیاکاری، هاوکۆلکەی کارایی بژاردە هەڵەکان. ئەنجامەکان دەریانخست وتنەوەی بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە کاریگەریی ئەرێنی هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی فێرخوازان لە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا.

**وشە کلیلییەکان**: ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە، دەستکەوتی خوێندن، ڕێگاکانی وانەوتنەوە

## کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە لەسەر دەستکەوتی فێرخوازان لە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە فاکەڵتیی پەروەردە- زانکۆی کۆیە

### ١. پێشەکی:

بەپێی خوێندنەوە و ئەزمونەکانی توێژەران مامۆستایان ڕووبەڕووی چەندین بەربەست دەبنەوە بۆ بەکارهێنانی شێوازێکی تایبەتی وانەوتنەوە، کە بگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکە و ئاستی فێرخواز و حەز و ئارەزووەکانی، لەبەرئەوەی لە زۆربەی ناوەندەکانی خوێندندا زیاتر گرنگی دەدرێت بە بواری زانەکی و ئەزبەرکردن نەک بوارەکانی سۆزداری و دەروون و جووڵەیی، لە کاتێکدا لە گرنگترین و نوێترین ئامانجەکانی وتنەوەی وانە بریتییە لە ئامادەکردنی فێرخوازێک، کە چێژ لە خوێندنی وانەکان ببینێت و نرخی خودی خۆی بزانێت، لە سەردەمێکدا کە بە پێشکەوتنی زانیاری و گۆڕانکارییە بەردەوامەکان لە هەموو بوارەکانی ژیان و زانست و تەکنەلۆجیا دەناسرێتەوە (مراد، ٢٠١٦: ١٤٤) ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاری لای فێرخواز کە ناتوانێت تەواوی تواناکانی خۆی بەکاربهێنێت، بۆیە توێژەران بە پێویستیانزانی کە توێژینەوە لەسەر بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بکەن، چونکە یەکێکە لەو بابەتانەی دەتوانێت مامۆستای کارامە و لێهاتوو ئامادەبکات، بە ئامانجی ئەوەی لەو ڕێگایەوە بتوانرێت باشتر چارەسەری کێشەکانی وانەوتنەوە بکرێت.

### ٢. گرفتی توێژینەوەکە:

دەستکەوتی خوێندن وەک پێوەرێکی بنەڕەتی بۆ زانینی زیرەکی و ئاستی فێرخواز پشتی پێ دەبەسترێت، بووەتە ئاماژەیەک بۆ سەرکەوتنی فێرخواز لە خوێندن و ژیانی کۆمەڵایەتی و توانای مامەڵەکردنی پێکەوەژیانی لە داهاتوودا، لەسەر ئەم بنەمایە لە ناوەندەکانی خوێندن بە

گشتی و لە زانکۆ و پەیمانگەکان ناوەندی نمرەی بەدەستهاتووی فێرخوازان لە خوێندندا وەک پێوەرێک بۆ توانستەکانی فێرخواز و وەرگیرانیان لە زانکۆ و کۆلیژ و پسپۆڕییەکان دەوەستێتە سەر ناوەندی نمرەی بەدەستهاتوویان (نصرالله، ٢٠١٠: ٥). بەپێی ئەزموونی توێژەران لەسەر ئەم بنەمایە لەلایەن توێژەرانەوە بەردەوام هەوڵدەدرێت کە شێواز و ڕێگەی نوێ بدۆزرێتەوە لە وانەوتنەوەدا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندن، یەکێک لەم ڕێگە و ستراتیژییانە بریتییە لە ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە، کە توێژەران لە ئەنجامی خوێندنەوەی توێژینەوەکانی پەیوەست بە گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوە و ئامانج و دەرەنجامەکانیان، بۆیان دەرکەوت کە لەو توێژینەوانەدا هەوڵدراوە کە کاریگەریی نەخشەکانی بیرکردنەوە وەک گۆڕاوێکی سەربەخۆ لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە بابەتە جۆراوجۆرەکانی خوێندنەوەک (خوێندنەوە، بیرکاری، کیمیا، زمان..تاد) بزانرێت، بۆ نموونە توێژینەوەی (جبر و حمیدی، ٢٠١٥)، (أبوعیسی، ٢٠١٦)، (عباس و دوانی تر، ٢٠١٨)، ( Reilly & Ross, 2019)، بەڵام بەپێی سنووری زانیارییەکانی توێژەران تا ئێستا لە کوردستان و عێراق توێژینەوەیەکی هاوشێوە بە کۆکردنەوەی هەمان ئامانج و هەمان گۆڕاو ئەنجامنەدراوە، ئەمە بووە یەکێک لە پاڵنەرەکان بۆ توێژەران تاکو لێکۆڵینەوە بکات لەسەر ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە لە ژینگەی کوردستانی وەک یەکێک لە ستراتیجیە نوێیەکانی وانەوتنەوە.

لە کۆتاییدا گرفتی ئەم توێژینەوەیە لەمەدا کۆدەبێتەوە کە توێژەران دەیانەوێت بزانن کاریگەریی نەخشەکانی بیرکردنەوە لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای فێرخوازانی زانکۆ چیە؟

### ٣. گرنگیی توێژینەوەکە:

بوونی بابەتێکی وەک ڕێگاکانی وانەوتنەوە زۆر پیویستە بە تایبەت لە قۆناغی زانکۆ لە پێناو گۆڕانکاری لە جۆر و شێوازەکانی وانەوتنەوە و دووربوون وازهێنان لە جۆر و شێوازە کۆنەکانی وانەوتنەوە ( Hyerle, 31 :2004). نەخشەکانی بیرکردنەوە، زانا (دەیڤد هیرلی David Hyrele) دایهێنا بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و دۆزینەوە نوێکان لە بواری مێشکی مرۆڤ، بە شێوەیەک، کە زۆر لە زاناکان لە ئێستادا وای دەبینن، کە مێشکی مرۆڤ وەک و ئامێرێکی چالاکی ئاڵۆزە، کە دەتوانرێت گەشەپێبدرێت، چونکە فرەسیستەمە و بەردەوام خۆی ڕێکدەخاتەوە بەهۆی کارامەییەکانی ژیانەوە (محمد، ٢٠١٣: ٤)، بۆیە نەخشەکانی بیرکردنەوە لەو هۆکارە نوێیانەی وانەوتنەوەیە بە شێوەیەک، کە فێرخواز لە وەرگرێکی نەریتییەوە دەگوازێتەوە بۆ فێرخوازێکی ئەرێنیی کارلێککەر، کە لەگەڵ توانستە ژیرییەکانی خۆی دەدوێت، لەوەشەوە ئەم ستراتیژیە وەک ڕێنیشاندەرێکە کە فێرخواز بەهۆیەوە لە کاتی پیادەکردنی پڕۆسەی فێربوون و بیرکردنەوە ڕێنوێنی لێ وەردەگرێت (Hyerle , 1996) (الحربی والانصاری، ٢٠١٨: ٧٠٢)، دەبێتە هۆی خێراکردنی پڕۆسەی فێربوون و مانەوەی زانیارییەکان لە یادگەدا بۆ ماوەیەکی درێژتر (عصفور، ٢٠٠٨:٢٢). هەروەک هیرل (Hyerle, 2004) ئاماژەی بەوەداوە کە نەخشەکانی بیرکردنەوە ڕۆڵیان هەیە لە بەرەوپێشبردن و باشکردنی فێربوونی فێرخوازان و بەرزکردنەوەی توانای بیرکردنەوەیان (التتر، ٢٠١٧: ٢-٣). هەروەها یارمەتی فێرخواز دەدات تا بیرۆکەکانی ڕێکبخات و تێگەیشتنێکی قووڵی هەبێت بۆ چەمکەکان، هەروەک یارمەتی دروستکردنی زمانێکی هاوبەش دەدات کە پەیوەندیی نێوان فێرخواز و بابەتی زانستی باشدەکات و پڕۆسەی فیربوون ئاساندەکات (مراد، ٢٠١٦: ١٤٧). لە کۆتاییدا دەکرێ گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخرێنەڕوو:

١-لە بارێکدا ئەگەر ڕۆڵی ئەرێنیی نەخشەکانی بیرکردنەوە وەک ڕێگەیەکی وانەوتنەوە بۆ بەرزکردنەوەی دەسکەوتی خوێندن هەبوو، ئەو کات دەکرێت بۆ بابەتە جیاوازەکانی خوێندن بۆ هەمان مەبەست سوودی لێ وەرگیرێت.

٢- دوای دەرکەوتنی دەرەنجامەکان دەکرێ سوود لەم توێژینەوەیە وەربگیردرێت لەلایەن فێرخوازان و توێژەرانانی بواری پەروەردە و دەرونزانی و ڕێگەکانی وانەوتنەوە.

٣-دەکرێ مامۆستایان و سەرپەرشتیاران سوود لە دەرەنجامەکانی تایبەت بە نەخشەکانی بیرکردنەوە لەم توێژینەوەیەدا ببینن وەک ستراتیژێکی نوێی وانەوتنەوە.

### ٤. ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژەران لەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

- زانینی کاریگەریی ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی ڕێگەکانی وانەوتنەوەدا لای فێرخوازانی فاکەڵتیی پەروەردە.

### ٥. گریمانەی توێژینەوەکە:

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا ئەم گریمانە سفرییە ئەزموون دەکەن:

هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداریی ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گرووپی ئەزموونی کە بە ستراتیجی نەخشەی بیرکردنەوە وانەیان پێ دەوترێتەوە لەگەڵ ناوەندی گرووپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگەی ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە دەستکەوتی خوێندنیان لە بابەتی ڕێگەکانی وانەوتنەوەدا نییە.

## ٦. سنووری توێژینەوەکە:

سنووری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە فێرخوازانی قۆناغی سێیەم (بەشی پەروەردە و دەرونزانی) خوێندنی حکومیی بەیانیانی زانکۆی کۆیە، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠- ٢٠٢١).

**٧. پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوەکە:**

٧.١: ستراتیجی (Strategy):

**١- پێناسەی لاوتن (Lawton, 2018):** بریتییە لە پلانێکی گشتگیری وانە کە چوارچێوەی ڕەفتارە ویستراوەکانی فێرخواز لەخۆدەگرێت لەژێر ڕۆشنایی ئامانجە فێرکارییە پلان بۆ دانراوەکان ( Ravindra, 2018: 58).

**٢- پێناسەی السفياني (٢٠٢٠):** بریتییە لە ڕێ و شوێنە پلان بۆ دانراوەکان کە مامۆستا دەیڵێت و ئەنجامی دەدات، بە مەبەستی بەڕێوەبردنی هەڵوێستی فێرکاری و جێبەجێکردنی چالاکییە جۆراوجۆرەکان بە شێوەیەکی کارا، هەر لە سەرەتای چوونی بۆ پۆل تا هاتنەدەرەوەی، ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی وانە (السفياني، ٢٠٢٠: ١٨).

**٣- پێناسەی تیۆری توێژەران بۆ ستراتیجی:** بریتییە لەو ڕێ و شوێنانەی کە مامۆستا لە وتنەوەی وانەدا لە چوارچێوەی پلانێکی گشتگیردا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی وانە دەیانگریتەبەر.

## ٧.٢. نەخشەکانی بیرکردنەوە (Thinking Maps):

**پێناسەی هیرلی (Hyerle, 2009)**: بریتییە لە ڕێکخستنی هێلکاریی ڕێکخراو و بەیەکەوەبەستراو کە بەکاردێت بۆ خستنەڕووی هەموو جۆرەکانی زانیاری بە شێوەیەک کە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی پرۆسە ئاوەزییەکان (الحدیبی، ٢٠١٧: ٢٣٨).

**پێناسەی محمد (٢٠١٣)**: بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێکخستن بۆ ئەو وێنە هێڵکارییانەی کە ناوەڕۆکی زانەکییان هەڵگرتووە و ئاستەکانی بیرکردنەوە نیشاندەدات و هانی فێربوون دەدات لە ڕێگەی بینینەوە، کە لە هەشت شێوەی نەخشەی هێڵکاریی بینراو پێکدێت و وەک زمانێکی بینراو وایە کە هەریەک لە مامۆستا و فێرخواز لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا بەکاریدێنن (محمد، ٢٠١٣: ٩).

**پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە:**

بریتییە لە چەند تەکنیکێکی وانەوتنەوە لەگەڵ گرووپی ئەزموونی ئەم توێژینەوەیە توێژەران بەکاریدێنن بە پێی ئەو هەشت نەخشانەی کە دەیڤد هیرلی (Hyerle) دایهێناوە، بە شێوەیەک کە سەرەتا مامۆستا بابەت و ئامانج دیاریدەکات و فێرخوازان لە نێوان خۆیان بە هاوکاریی مامۆستا بە شێوەی تاک یان هەرەوەزی گفتوگۆدەکەن و وەڵامەکانیان لەسەر کاغەز و بۆردی سپی بە قەڵەمی ڕەنگاوڕەنک دەنووسن، ئینجا مامۆستا تێبینی و سەرنجەکانی دەخاتەڕوو، دواتر گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن بۆ وەڵامەکانی فێرخوازان ئەنجامدەدرێت بۆ زانینی چەندێتیی بەدەستهاتنی ئامانجەکانی وانەکە.

## ٧.٣. دەستکەوتی خوێندن:

**پێناسەی ابو جادو (٢٠٠٠):** کۆی ئەوەیە کە فێرخواز لە ماوەیەکی دیاریکراودا فێریدەبێت و دەتوانرێت بەو نمرەیە پێوانەبکرێت کە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن بەدەستیدێنێت (ابو جادو، ٢٠٠٠: ٤٦٩).

**پێناسەی الحنفی (٢٠٠٥):** ئەو ئاستەیە کە فێرخواز لە بابەتە ئەکادیمی و زانستە جیاوازەکان پێیدەگات و دوای خوێندنیان لە کاتێکی دیاریکراو و بە نمرەی تاقیکردنەوەیەکی پشتراستکراو دیاریدەکرێت (الحنفی، ٢٠٠٥: ١٣٣).

**پێناسەی تیۆریی توێژەران بۆ دەستکەوتی خوێندن:** بریتییە لە کۆی ئەو زانیارییانەی کە فێرخواز دوای تێپەڕینی بە بەرنامە و ئەزموونێکی خوێندن بەدەستیدێنێت و بە هەڵسەنگاندنێکی زانستی دیاریدەکرێت.

**پێناسەی ڕێکاریی توێژەران بۆ دەستکەوتی خوێندن:** ناوەندی ئەو نمرانەیە کە فێرخوازانی گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە قۆناغی سێیەمی بەشی دەرونزانی زانکۆی کۆیە بەدەستیدێنن دوای وەڵامدانەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن کە توێژەران ئامادەیانکردووە لە بابەتی ڕێگەکانی وانەوتنەوەدا.

## ٧-٤: ڕێگای وانەوتنەوە:

- **پێناسەی تیۆریی توێژەران بۆ ڕێگای وانەوتنەوە:** بریتییە لە بابەتێکی ئەکادیمی کە بڕیاری لەسەر دراوە لە قۆناغی سێیەمی بەشی پەروەردە و دەروونزانی لە فاکەڵتیی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە بخوێندرێت بە (٢) کاتژمێری پراکتیکی و (٢) کاتژمێری تیۆری، کە

کۆمەڵێک یەکەی فێرکاری تێدایە کە بریتین لە بڕیاردراوی خوێندن بۆ بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە.

## ٨. پێشخانی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشووتر

### ١.٨. ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە:


نەخشەکانی بیرکردنەوە یەکێکە لە ستراتیجییە نوێیەکانی وانەوتنەوە، کە گەشە بە کارامەییەکانی بیرکردنەوە دەدات، بە شێوەیەک کە پێکهێنەرەکەی (دەیڤد هیرل) لە دروستکردنیدا پشتی بەستووە بە کارامەییەکانی بیرکردنەوە، کە وایکردووە هەر شێوەیەک لە شێوەکانی نەخشەکانی بیرکردنەوە پشتببەستێت بە کارامەییەک لە کارامەییە بنەڕەتییەکانی بیرکردنەوە وەک هەڵچنین و پۆلێنکردن و بەراوردکردن و جیاکردنەوە، بۆیە نەخشەکانی بیرکردنەوە بریتین لە چەند ئامرازێکی بینراوی فێربوون، کە دەبنە هۆی تێگەشتنی قووڵ لە بابەتەکانی فێربوون و گەشەپێدانی کارامەییە جیاوازەکانی بیرکردنەوە لای فێرخوازان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆڵی هەیە لە پاڵپشتکردنی ئاستە بەرزەکانی بیرکردنەوە، و ڕێکخستنی زانیارییەکان لە شێوەی هێڵکاری و شێوەی ڕێکخراو کە وادەکات ئەو زانیارانە ڕووبەرێکی  کەمتر لە یادگەدا داگیربکەن و چەمکە ڕووتەکانیش بکەن بە بەرجەستە، ئەمەش پرۆسەی گەڕاندنەوەی زانیارییەکان لە یادگەدا ئاساندەکات (حبیب، محسن، حسین، ٢٠١٨: ٢٦٠)، هەروەها هیرلی پێیوایە کە نەخشەکانی بیرکردنەوە بریتین لە زمانێکی بینراوی هاوبەش بۆ فێرخوازان لە هەموو بوارەکانی خوێندندا، کە وا لە فێرخواز دەکات کارامەیی پێویست وەرگرن بۆ ئەوەی بتوانن ببن بە بیرمەندی سەرکەوتوو و چارەسەرکاری گرفتەکان و خاوەن بڕیاری باش (Mohd & Albakri, 2016: 25).

جۆرەکانی نەخشەکانی بیرکردنەوە

بەپێی سەرچاوەکان هەشت جۆر نەخشەی بیرکردنەوە هەن:

### ١- نەخشەی بازنەیی (Circle Map):


بریتییە لە دوو بازنە کە هەمان چەقیان هەیە و لە چێوەدا جیاوازن، ئامانجەکەی گەشەپێدانی بیرکردنەوەیە، بەکاردێت بۆ دیاریکردنی شتێک یان بیرۆکەیەک، و پێکدێت لەو بیرۆکانەی کە دەرەنجامی گەردەلولی هزری و زانیاروی پێشووترن لەبارەی بابەتەکە دروستدەبن. وەک لە نەخشەی (١) دیارە، شێوەی ئەو پرسیارانەشی کە ئەو نەخشەیە لەخۆیدەگرێت بریتین لە (چۆن ئەو بیرۆکەیە یان ئەو شتە دیاریدەکرێت یان پێناسە دەکرێت؟ ناوەڕۆکەکەی چییە؟ ئەو چوارچێوەی کە بۆی دەگەڕێیەوە چییە؟) (نصار، ٢٠١٥: ١٩).




نەخشەی (١) : نەخشەی بازنەیی (نصار، ٢٠١٥: ١٩)

## ٢-      نەخشەی بڵق Bubble Map:


بریتییە لە نەخشەی هێشوویی کۆتاکراوە، لە بازنەیەکی ناوەندی پێکدێت کە بە دەورەیدا چەند بازنەیەک هەیە، لە بازنە ناوەندییەکەدا ئەو (چەمک، وشە، ڕەهەند، شت)ە دەنووسرێت، کە دەبێت تایبەتمەندییەکانی دیاریبکرێت، هەروەک لە نەخشەی (٢) دیارە. بەکاردێت بۆ: گەشەپێدانی بیرکردنەوەی هەڵسەنگێنەرانە و باسکردنی تایبەتمەندییەکان بە دەربڕینێکی کورت و وشەی ڕوون (جمال الدین، ٢٠١٨: ١٧٣).




نەخشەی(٢) نەخشەی بڵق (جمال الدین، ٢٠١٨: ١٧٣)

### ٣- نەخشەی بڵقی دووانەیی (Double Bubble Map) (ابوسكران، ٢٠١٢: ٣١):

بە درێژەدەری نەخشەی بڵق دادەنرێت، پێکدێت لە نەخشەی بڵقی دووانەیی کە دوو بازنەی ناوەندی لەتەنیشت یەک (لە دوو لای هەر یەکێکیاندا بەراوردکرن دەنووسرێت)، لە نێوان ئەو دوو بازنەیەدا چەند بازنەیەک هەن کە لەناویاندا تایبەتمەندیی هاوبەش و لێکچوو دەنووسرێت، لە دوو لای بازنە ناوەندییەکەشدا تایبەتمەندییە جیاوازەکان دەنووسرێن. هەروەک لە نەخشەی (٣) دەردەکەوێت. نەخشەی بڵقی دووانەیی بەکاردێت بۆ: گەشەپێدانی بیرکردنەوەی هەڵسەنگێنەرانە و بەراوردکردن و هاوتاکردنی تایبەتمەندییەکان.





نەخشەی(٣) نەخشەی بڵقی دوانەیی (ابوسكران، ٢٠١٢: ٣١)

### ٤- نەخشەی درەختی (Tree Map):

لە بابەتێکی سەرەکی پێکدێت، کە چەند لقێکی لێ دەبێتەوە کە پەیوەستن بە بابەتە سەرەکییەکەوە، هەروەها ئەو لقانەش لقی لاوەکیی


تریان لێدەبێتەوە، و ئەو نموونانەش لەخۆدەگرێت کە پاڵپشتیی بابەتەکان دەکات، بەکاردێت بۆ کۆگاکردنی زانیاری و بیرۆکەکان و پۆلێنکردنیان بۆ دەستە و کۆمەڵە، هەروەک لە نەخشەی (٤) دیارە. (عبدالوهاب، ٢٠٠٧: ٢٤)



نەخشەی(٤) نەخشەی درەختی

## ٥- نەخشەی کەوانەیی( Brace Maps):


لە دوو بەش پێکدێت، کە لە بەشی سەرەوە بابەتەکە یان چەمکەکە دەنووسرێت و لە بەشی خوارەوە چەمکە لاوەکییەکان دەنووسرێن کە کەوانەی لاوەکی یەک لەدوا یەکیان لێ‌دەبێتەوە و بەشە لاوەکییەکانی تریش بەم شێوەیە دیاریدەکرێن. وەک لە نەخشەی (٥) دیارە. ئامانجی ئەم نەخشەیە بریتییە لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی هەرەمیی یەکلەدوایەک و ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکان و ڕێکخستن و شیکردنەوەی ئامامانجەکان (التتر، ٢٠١٧: ٢٥).



**نەخشەی(٥) نەخشەی کەوانەیی**

## ٦- نەخشەی بەدوایەکداهاتن (Flow Map):


لە کۆمەڵێک لاکێشەی یەک لەدوایەک پێکدێت، لە لاکێشەی یەکەمدا بیرۆکەی سەرەکی یان هەنگاوی یەکەم یان ڕووداو یان بابەتی سەرەکی دەنووسرێت، دواتر لاکێشەکانی تر یەک لەدوا یەک پڕدەکرێنەوە بە ڕیزبەندی. وەک لە نەخشەی (٦) دیارە. ئەم جۆرە نەخشەیە بەکاردێت بۆ دانانی بیرۆکە زانستییەکان یەک لەدوایەک بە ڕیزبەندی (مراد، ٢٠١٦: ١٥٣).




نەخشەی(٦) نەخشەی بەدوایەکداهاتن

## ٧- نەخشەی لەدوایەکی فرەیی (Multi- flow map):


لە کۆمەڵێک چوارگۆشە پێکدێت، یەکێک لەو چوارگۆشانە دەکەوێتە ناوەڕاست و لەناویدا ناونیشانی بابەتەکە دەنووسرێت. لەلای ڕاستیەوە، کۆمەڵێک چوارگۆشەی لێ دەردەچێت کە ئەو هۆکارانەیان تێدا دەنووسرێت کە بوونەتە هۆی ڕوودانی بابەتەکە. لەلای چەپیشیەوە، کۆمەڵێک چوارگۆشەی لێ دەردەچێت کە دەرەنجامەکانیان تێدا دەنووسرێت، چوارگۆشەکانی ڕاست و چەپ هەردوولا بەهۆی تیرەهێڵەوە بە چوارگۆشەی سەرەکیی ناوەڕاست بەستراونەتەوە (الجبوری، ٢٠١٥، ٢٤)، وەک لە نەخشەی (٧) دیارە. ئەم جۆرە نەخشەیە بەکاردێت بۆ ڕونکردنەوەی پەیوەندییەکانی هۆکار و دەرەنجام (محمد، ٢٠١٣: ٢٨).




نەخشەی(٧) نەخشەی لەدوایەکی فرەیی

### ٨- نەخشەی پرد (Bridge map):

ئەم نەخشەیە لە لە دوولا پێکدێت، لەلای ڕاستیەوە ئەو شتانە یان ئەو زانیارییە نوێیانە ڕووندەکرێنەوە کە دەویستریَ فێرخوازان فێریببن. لەلای چەپیشەوە، ئەو لێکچوونە زانراوانە دەنووسرێن کە فێرخواز پێشتر زانیویەتی و یارمەتیدەدات لە فێربوونی زانیارییە نوێیەکە نزیکیبکاتەوە (عباس و دوانی تر، ٢٠١٨: ١٠٩٤)، وەک لە نەخشەی (٨) دیارە. ئەم جۆرە نەخشەیە بەکاردێت بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پشتبەستوو بە خەیاڵ و تێگەشتنی لێکچوونەکان و ڕوونکردنەوەی پەیوەندی لە نێوان ڕاستی و بەرجەستە بوون لەگەڵ نابەرجەستەبووندا (جمال الدين، ٢٠١٨: ١٧٤).




نەخشەی(٨) نەخشەی پرد

### ٨-٣. توێژینەوەکا

١- توێژینەوەی ڕیلی و ڕوس (Reilly, Ross, 2019):

(کاریگەریی نەخشەکانی بیرکردنەوە لەسەر بەرزکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی فێرخوازان)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە زانینی کاریگەریی بەرنامەی نەخشەکانی بیرکدنەوەیە لەسەر بەرزکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن لای فێرخوازانی خوێندنگە لە بابەتی خوێندنەوە و بیرکاریدا، لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی نیمچە ئەزموونی بەکارهاتووە، هەروەها تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی بیرکاری و خوێندنەوە وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە، و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێرەیی لادانی پێودانگی وەک ئامرازی ئاماری بەکارهاتوون. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە (٧٠) خوێندنگەی سەرەتایی و ناوەندی لە هەشت ویلایەتی ئەمریکا، درەنجامەکانی توێژینەوە دەریانخستووە کە دوای دوو ساڵ لە بەکارهێنانی نەخشەکانی بیرکردنەوە لەسەر نموونەی توێژینەوەکە، گەشەی بەڵگەداری ئاماری بینراوە لە دەستکەوتی خوێندنی فێرخوازانی ئەو خوێندنگانەی کە نەخشەکانی بیرکردنەوەیان وەک ستراتیژی بۆ وانەوتنەوە بەکارهێنابوو لە بابەتی خوێندنەوە و بیرکاری (Reilly, Ross, 2019).

**٢- توێژینەوەی جبر و حمیدی (٢٠١٥):**

"کاریگەریی نەخشەکانی بیرکردنەوە لەسەر دەستکەوتی خوێندنی فێرخوازانی کۆلیجی پەروەردە بەشی زمانی عەرەبی لە بابەتی عەروز (کێشناسی)"

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە زانینی کاریگەریی نەخشەکانی بیرکردنەوە لەسەر دەستکەوتی خوێندنی فێرخوازان کۆلیجی پەروەردە بەشی زمانی عەرەبی لە بابەتی عەروز لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی ئەزموونی بەکارهاتووە، هەروەها تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن کە لە (٦٠) بڕگە و (١٠٩) ئامانج پێکهاتووە و وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە، ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە (٨٠) فێرخوازی کوڕ و کچ، لە زانکۆی مستنصریەی عراق،

که بەسەر هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا دابەشبوون. بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیارییە بەدەستهاتووەکان لەم توێژینەوە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری SPSS پشت بە کۆمەڵێک ئامرازی ئاماری بەستراوە کە ئەمانەن: ناوەندی ژمێرەیی، تاقیکردنەوەی تی T-test، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن. دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە کە جیاوازییەکی ڕوون هەیە لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی (عروض) یان بە ڕێگەی نەخشەکانی بیرکردنەوە دەخوێند بە بەراورد بە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (جبر و حمیدی، ٢٠١٥).

### ٣- توێژینەوەی عباس و عیسی و موسی (٢٠١٨):

"کاریگەریی نەخشەکانی بیرکردنەوە لەسەر دەستکەوتی خوێندنی فێرخوازانی پۆلی دووی ناوەندی لە بابەتی کیمیا و کارامەییەکانی بیرکردنەوەی بینراویان"

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە زانینی کاریگەریی نەخشەکانی بیرکردنەوە لەسەر دەستکەوتی خوێندنی فێرخوازانی پۆلی دووی ناوەندی لە بابەتی کیمیا و کارامەییەکانی بیرکردنەوەی بینراویان. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی ئەزموونی بەکارهاتووە، هەروەها تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن و تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی بیرکردنەوە وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتوون، ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە (٦٦) فێرخوازی کوڕ و کچ، لە زانکۆی بابل لە وڵاتی عراق، کە بەسەر هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا بە یەکسانی دابەشبوون، بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیارییە بەدەستهاتووەکان لەم توێژینەوە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماریی SPSS پشت بە کۆمەڵێک ئامرازی ئاماری بەستراوە کە ئەمانەن: تاقیکردنەوەی تی T-test، هاوکۆلکەی پەیوەندیی پێرسۆن، هاوکۆلکەی کای٢، هاوکۆلکەی گرانی بڕگەکان، هاوکۆلکەی جیاکاریی بڕگەکان،

هاوکۆلکەی کارایی بژاردە هەڵەکان، هاوکۆلکەی سپێرمان- براون، هلوکۆلکەی پۆینت بایسریال، هاوکۆلکەی ئیتا. دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان دەستکەوتی خوێندنی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی کیمیایان بە ڕێگەی نەخشەکانی بیرکردنەوە دەخوێند بە بەراورد بە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، هەروەها جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان نمرە بەدەستهاتووەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی بینراو بە بەراورد بە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (عباس و عیسی و موسی، ٢٠١٨).

### ٤- توێژینەوەی ابوسکران (٢٠١٢):

"کاریگەریی بەکارهێنانی نەخشەکانی بیرکردنەوە لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی چارەسەرکردنی بابەتی ئەندازیاری و ئاراستە بەرانبەری لای فێرخوازانی پۆلی هەشتی بنەڕەتی"

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی نەخشەکانی بیرکردنەوە لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی چارەسەرکردنی بابەتی ئەندازیاری و ئاراستە بەرانبەر ئەندازیاری لای فێرخوازانی پۆلی هەشتی بنەڕەتی. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی ئەزموونی بەکارهاتووە، هەروەها تاقیکردنەوەی چارەسەری بابەتی ئەندازیاری و پێوەری ئاراستە بەرانبەر بابەتی ئەندازیاری وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتوون، ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە (٧٤) فێرخوازی کوڕ، لە زانکۆی ئیسلامی لە وڵاتی فەلەستین، کە بەسەر هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا دابەشبوون، لەو ژمارەیە تاکەکانی نموونەی کۆمەڵەی ئەزموونی بریتییە لە (٣٨) کەس و کۆمەڵەی

کۆنترۆلکراو (٣٦) کەس. بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیارییە بەدەستهاتووەکان لەم توێژینەوە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماریی SPSS پشت بە کۆمەڵێک ئامرازی ئاماری بەستراوە کە ئەمانەن: تاقیکردنەوەی تی T-test بۆ دوو گۆڕاوی سەربەخۆ، هاوکۆلکەی ئیتا. دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی چارەسەری بابەتی ئەندازیاری، جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونی لە پێوەری ئاراستە بەرانبەر بابەتی ئەندازیاری. (ابوسکران، ٢٠١٢)

٩. ڕێکارەکانی توێژینەوەکە:

**٩.١. ڕێبازی توێژینەوەکە**: لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی توێژینەوەی نیمچە ئەزموونی بەکارهاتووە

٩.٢. داڕشتنی ئەزموونی توێژینەوەکە ( Experimental Design):

داڕشتنی ئەزموونی ئەو هەنگاوانەیە، کە توێژەر پلانی بۆ دابنێت بەر لە جێبەجێکردنی ئەزموونەکە، لایەنێکی هەرە گرنگی ئەم جۆرە داڕشتنە پەیوەستە بە چۆنێتیی ئەنجامدانی پێوانەکردنەکان و زانینی کاریگەرییەکانی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی تری پشتبەست (دویدار، ١٩٩٩: ٨٨). توێژەران بەم شێوەیە توێژینەوەکەیان داڕشت:

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا دارِشتنی نیمچە ئەزموونییان بەکارهێنا ئەویش بە هەڵبژاردنی دوو گرووپ لە نموونەی توێژینەوە (گرووپی ئەزموونی، گروپی کۆنترۆڵکراو، وەک لە خشتەی (١) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (١)

دارِشتنی ئەزموونی ئەم توێژینەوەیە

| گروپ | گۆڕاوی سەربەخۆ | تاقیکردنەوەی پاشینە |
|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە | دەستکەوتی خوێندن لە ڕێگەکانی وانەوتنەوە |
| کۆنترۆڵکراو | ڕێگەی ئاسایی | |

٣.٩. کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەموو فێرخوازانی فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆی کۆیە بە هەموو بەشەکانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) کە کۆی گشتیی ژمارەی فێرخوازان بریتیبوو لە (١٤١٨) فێرخوازی کوڕ و و کچ، وەک لە خشتەی (٢)دا دیارە.

**خشتەی (٢)**

خستنەڕووی کۆمەڵگەی توێژینەوە بەپێی بەش و قۆناغ و ڕەگەز

| قۆناغ | | یەك | | دوو | | سێ | | چوار | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | |
| بەش | جوگرافیا | ٣٧ | ٣١ | ٢٢ | ٤٣ | ٢٠ | ٢٠ | ٣٣ | ٣٢ | ٢٣٩ |
| | مێژوو | ٢٤ | ٣٩ | ١٧ | ٢٧ | ٢٧ | ٣٣ | ٤٣ | ٢٨ | ٢٣٧ |
| | کوردی | ٢٠ | ٤٠ | ٤١ | ٢٩ | ٩ | ٢٨ | ١٨ | ٣٧ | ٢٢٢ |
| | ئینگلیزی | ٢٣ | ٤٩ | ١٧ | ٣٧ | ١٠ | ٢٢ | ١٤ | ٣٤ | ٢٠٦ |
| | عەرەبی | ١٧ | ٣٨ | ١١ | ٢٤ | ١٦ | ٢٦ | ١٤ | ٣٤ | ١٨٠ |
| | پەروەردەو دەرونزانی | ٢٢ | ٣٦ | ٧ | ٢٠ | ٨ | ٢٢ | ٢٢ | ٣٥ | ١٧٢ |
| | پەروەردەی ئاینی | ٢١ | ٢٨ | ١٨ | ٢٢ | ١٤ | ١٦ | ٢٢ | ٢١ | ١٦٢ |
| کۆی گشتی | | ١٦٤ | ٢٦١ | ١٣٤ | ٢٠٢ | ١٠٤ | ١٦٨ | ١٦٦ | ٢٢١ | ١٤١٨ |

## ٣.٩. نموونەی توێژینەوە Sample of the Research:

توێژەران بە شێوەیەکی مەبەستدار هەستان بە وەرگرتنی قۆناغی سێ لە بەشی پەروەردە و دەرونزانی، کۆی گشتیی فێرخوازان لەم قۆناغەدا بریتیبوو لە (٣٠) فێرخواز، کە ژمارەی تاکەکانی گرووپی ئەزموونی بریتیبوو لە (١٥) فێرخواز، ژمارەی تاکەکانی گرووپی کۆنترۆڵکراو بریتیبوو لە (١٥) فێرخواز، هەروەک لە خشتەی (٣) دا دیارە.

**خشتەی (٣)**

خستنەڕووی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گرووپ و ڕەگەز

| گروپ | کوڕ | کچ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| **ئەزموونی** | **٤** | **١١** | **١٥** |
| **کۆنترۆڵکراو** | **٤** | **١١** | **١٥** |
| **کۆی گشتی** | **٨** | **٢٢** | **٣٠** |

٤.٩. هاوتاکردنی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە Equivalence Of Research Group

بۆئەوەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوە پشتبەستەکان بە شێوەیەکی ورد و ڕاست دەربکەوێت، توێژەران هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراویان هاوتاکرد، هاوتاکردنەکەش بەپێی ئەم گۆڕاوانەی خوارەوەبوو:

**١- هاوسەنگکردنی تەمەنی فێرخوازان بە مانگ:**

وەک لە خشتەی (٤) دیارە، دەرکەوت کە بەهای (T.test) هەژمارکراو کەمترە لە بەهای (T.test) خشتەیی، ئەمەش واتای ئەوەیە کە جیاوازییەکە خاوەن ئاماژەی ئاماری نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە تاکەکانی هەردوو گرووپەکە لە ڕووی جیاوازیی تەمەنەوە هاوسەنگن.

**خشتەی(٤):**

**دەرئەنجامی تاقیکردنەوەی (T. test) بۆ ئاماژەی جیاوازیی تەمەن لە نێوان گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا**

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەندی | نمرەی ئازاد | بەهای T. test | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ١٥ | ٢٥٦.٩٣ | ٢٦.٦٠ | ٢٨ | ١.٢٤١ | ٢.٠٤٨ | بەڵگەدار نییە لە ئاستی ٠,٠٥ |
| کۆنترۆڵکراو | ١٥ | ٢٤٤.١٣ | ٢٩.٧٨ | | | | |

**٢- هاوتاکردنی تێکڕای نمرەی ساڵی پێشوو (٢٠٢٠-٢٠٢١):**

وەک لە خشتەی (٥) دیارە، دەرکەوت کە بەهای (T.test) هەژمارکراو کەمترە لە بەهای (T.test) ی خشتەیی، ئەمەش واتای ئەوەیە کە جیاوازییەکە بەڵگەداری ئاماری نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە تاکەکانی هەردوو گرووپەکە لە ڕووی جیاوازیی تێکڕای نمرەی ساڵی پێشووی هاوسەنگن.

خشتەی(٥):

دەرئەنجامی تاقیکردنەوەی (T. test) بۆ ئاماژەی جیاوازیی تێکڕای نمرەی سالّی پێشوو لە نێوان گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | نمرەی ئازاد | بەهای T. test | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ١٥ | ٧١.٩٢ | ٨.٩٢ | ٢٨ | ١.٣١٨ | ٢.٠٤٨ | بەڵگەدار نییە لە ئاستی ٠,٠٥ |
| کۆنترۆڵکراو | ١٥ | ٦٧.٤٦ | ٩.٦٠ | | | | |

## ٣- هاوتاکردنی ئاستی زیرەکیی فێرخوازانی هەردوو گروپ:

توێژەران پێوەری (ڕاڤن)ی تایبەت بە دیاریکردنی ئاستی زیرەکییان بەکارهێنا، وەک لە خشتەی (٦) دیارە، دەرکەوت کە بەهای (T.test) هەژمارکراو کەمترە لە بەهای (T.test) خشتەیی، ئەمەش واتای ئەوەیە کە جیاوازییەکە خاوەن ئاماژەی ئاماری نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە تاکەکانی هەردوو گرووپەکە لە ڕووی جیاوازیی ئاستی زیرەکییەوە هاوسەنگن.

**خشتەی (٦)**

**دەرئەنجامی تاقیکردنەوەی (T. test) بۆ ئاماژەی جیاوازیی تێکڕای زیرەکیی لە نێوان گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا**

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێریی | لادانی پێودانگی | نمرەی ئازاد | نرخی T. test | | بەلگەدار نیە لە ئاستی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ١٥ | ٤٤.٥٣ | ٧.٠٠ | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| کۆنترۆڵکراو | ١٥ | ٣٨.٩٣ | ٩.٤٥ | ٢٨ | ١.٨٤٣ | ٢.٠٤٨ | ٠,٠٥ |

## ٤- هاوتاکردنی ئاستی ئەکادیمی دایک و باوکی تاکەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو:

توێژەران بۆ هاوتاکردنی ئاستی ئەکادیمی دایک و باوکی تاکەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، ئاستی ئەکادیمیی دایکان و باوکی تاکەکانی هەردوو گرووپی بۆ شەش (٧) ئاست دابەشکرد، چونکە تەنیا ئەم ئاستانە هەن، بەهای هەر ئاستێکیشی دیاریکرد بەو شێوەیەی کە لە خشتەی (٧) ڕوونکراوەتەوە. پاشان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئامارییی (کا٢) ئاستی ئەکادیمیی هەر یەک لە دایکان و باوکان بەجیا دەرهێنرا.

**خشتەی (٧)**

ئاستی ئەکادیمیی دایک و باوکی تاکەکانی هەردوو گرووپ

| ئاستی ئەکادیمی | بەها |
|---|---|
| نەخوێندەوار | ١ |
| دەخوێنێتەوەو دەنوسێت | ٢ |
| سەرەتایی | ٣ |
| ناوەندی | ٤ |
| دیپلۆم | ٦ |
| بەکالۆریۆس | ٧ |

## أ: هاوتاکردنی ئاستی ئەکادیمیی باوکان:

وەک لە خشتەی (٨) دیارە، دەرکەوت کە بەهای (کا٢) هەژمارکراو کەمترە لە بەهای (کا٢) خشتەیی، ئەمەش واتای ئەوەیە کە جیاوازییەکە خاوەن ئاماژەی ئاماری نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە باوکی تاکەکانی هەردوو گرووپەکە لە ڕووی جیاوازیی ئاستی ئەکادیمییەوە هاوسەنگن.

خشتەی (٨)

ئاستی ئەکادیمی باوکانی تاکەکانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو

| گروپ | ژمارە | نەخوێندەوار | دەخوێنێتەوەو دەنوسێت | سەرەتایی | ناوەندی | دیپلۆم | بەکالۆریۆس | بەهای کا٢ | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | بەڵگەدار نیە لە ئاستی ٠.٠٥ |
| ئەزموونی | ١٥ | ٢ | ٢ | ٥ | ٢ | ١ | ١ | | | |
| کۆنترۆڵکراو | ١٥ | ٢ | ٢ | ٤ | ١ | ٢ | ٢ | ٢.٤٤٤ | ١١,٠٧ | |

### ب: هاوتاکردنی ئاستی ئەکادیمیی دایکان:

وەک لە خشتەی (٩) دیارە، دەرکەوت کە بەهای (کا٢) هەژمارکراو کەمترە لە بەهای (کا٢) خشتەیی، ئەمەش واتای ئەوەیە کە جیاوازییەکە بەڵگەداری ئاماری نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دایکی تاکەکانی هەردوو گرووپەکە لە ڕووی جیاوازیی ئاستی ئەکادیمییەوە هاوسەنگن.

خشتەی (٩):

**ئاستی ئەکادیمی دایکانی تاکەکانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو**

| گروپ | ژمارە | نەخوێندەوار | دەخوێنێتەوە و دەنووسێت | سەرەتایی | ناوەندی | بەکالۆریۆس | نرخی کا² | | بەڵگەدار نیە لە ئاستی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ١٥ | ٥ | ٢ | ٤ | ٣ | ١ | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| کۆنترۆڵکراو | ١٥ | ٥ | ٢ | ٥ | ٢ | ١ | ٠,٣١١ | ٩,٤٩ | ٠.٠٥ |

### ٥- هاوتاکردنی زانیاریی پێشووی تاکەکانی هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەبارەی ڕێگەکانی وانەوتنەوە:

وەک لە خشتەی (١٠) دیارە، دەرکەوت کە بەهای (T.test) هەژمارکراو کەمترە لە بەهای (T.test) خشتەیی، ئەمەش واتای ئەوەیە کە جیاوازییەکە خاوەن ئاماژەی ئاماری نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە تاکەکانی هەردوو گرووپەکە لە ڕووی جیاوازیی ئاستی زیرەکییەوە هاوسەنگن.

خشتەی (١٠)

دەرەنجامی تاقیکردنەوەی (T. test) بۆ ئاماژەی جیاوازی تێکڕای نمرەی زانیاری پێشوی تاکەکانی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەبارەی ڕێگەکانی وانەوتنەوە

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانگی | نمرەی ئازاد | بەهای T. test | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ١٥ | ١٢.٠٠ | ١.٢٥ | ٢٨ | | | بەڵگەدار نیە لە ئاستی ٠,٠٥ |
| کۆنترۆڵکراو | ١٥ | ١١.٠٦ | ٢.٠٥١ | | ١.٥٠٣ | ٢,٠٤٨ | |

### ٦.٩. کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە هاتووەناوەوەکان لە ئەزموونەکەدا:

مەبەستی سەرەکی لە توێژینەوەی ئەزموونی بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ئەو بارودۆخانەی کە ڕەنگە ببنە هۆی شێواندن و تێکدانی کاریگەرییە ڕاستەقینەکانی گۆڕاوە سەربەخۆکان لەسەر گۆڕاوە پشتبەستەکان، چونکە ئەم بارودۆخانە ڕەنگە ببنە هۆی لەدەستچوونی ڕاستیی ئەزموونەکە (غباری و ابوشعیرە،٢٠١٠: ١٨٤). دوو جۆر ڕاستگۆیی لە توێژینەوەی ئەزموونیدا هەیە، ئەوانیش ڕاستگۆیی ناوەکی و ڕاستگۆیی دەرەکین، کە توێژەران لە پلانی توێژینەوەکەیدا هەوڵدەدەن هاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو جۆرە ڕاستگۆییە دروستبکەن.

#### ١- ڕاستگۆیی ناوەکی:

ئەو کاتە دەرەنجامەکانی توێژینەوە ڕاستگۆ دەبن کە بتوانرێت ئەو جیاوازییەی لە نێوان گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو دروستبووە، هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ (گۆڕاوی سەربەخۆ) نەک بۆ گۆڕاوە هاتووەناوەکان، کە بەر لە ئەزموونکردنەکە و لە کاتی ئەزموونکردنەکەدا کاریگەرییان هەبوبێت، ئەمەش پێی دەوترێت

ڕاستگۆیی ناوەکی (عبدالمؤمن، ٢٠٠٨: ٣٦٩)، توێژەران بۆ ئەم مەبەستە هەستان بە کۆنترۆڵکردنی ئەم گۆڕاوانەی کە ڕەنگە کاریگەرییان هەبێت لەسەر گۆڕاوە پشتبەستەکان، گۆڕاوەکانیش ئەمانەبوون: (جیاوازیی نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، ڕووداوە لاوەکییە کارتێکەرەکان، لەدەستچوون و ئامادەنەبوونی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، گەشەکردن).

**٢- دروستیی دەرەکی:**

توێژینەوە ئەو کاتە ڕاستگۆدەبێت کە بتوانرێت دەرەنجامەکانی لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوەکەدا لە هەڵوێستی هاوشێوەدا بگشتێنرێن (العمراني، ٢٠١٣: ١٤١)، بۆ ئەو مەبەستە توێژەران هەستان بە کۆنترۆڵکردنی ئەم گۆڕاوانە: (بابەتی خوێندن، کاتی ئەزموونەکە، شوێنی ئەزموونەکە، هۆکارە فێرکارییەکان، نهێنی توێژینەوەکە، مامۆستای وانەکە، تاقیکردنەوەی پێشینە).

**٧.٩. ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

**تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن:**

توێژەران بە پەیڕەوکردنی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنیان لە بابەتی ڕێگەکانی وانەوتنەوە داڕشت:

**١- دیاریکردنی بابەت:**

بابەتەکانی وانەکە بریتییە لە نۆ (٩) بابەت لە وانەی ڕێگەکانی وانەوتنەوە لە قۆناغی سێی بەشی پەروەردە و دەروونزانی فاکەڵتیی پەروەردە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) کە بەم شێوەیە بوو:

### ٢- دیاریکردنی ئامانجە ڕەفتارییەکان:

توێژەران لەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە ئامانجە فێرکارییەکانی بلۆم (Bloom) هەستان بە دیاریکردنی (٩١) ئامانجی ڕەفتاری لە بابەتی ڕێگەکانی وانەوتنەوە، دواتر ئامانجەکانی خستە بەردەست ژمارەیەک پسپۆڕ، بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و داڕشتنەوە و هەموارکردن و خستنە ڕووی تێبینییەکانیان. دوای سەرنج و تێبینییەکانی پسپۆڕان، توێژەران ڕێژەی (٨٥%) بەسەرەوە بۆ پەسندکردنی ئامانجەکان وەرگرت، ڕێژەی ڕەتکردنەوەی هیچ ئامانجێک نەگەیشتە ئاستی سڕینەوە و لابردنیان، تێبینییەکانیان بریتیبوو لە چەند ڕێکخستنەوە و هەموارێکی زمانەوانیی کەم، کە لە واتای ئامانجەکانی نەگۆڕی.

### ٣- خشتەی تایبەتمەندییەکان:

خشتەی تایبەتمەندییەکان هەنگاوێکی گرنگە لە هەنگاوەکانی بونیادنانی تاقیکردنەوەکان و ئامادەکردنی بۆ بەکارهێنان و جێبەجێکردن، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانرێت کە بۆ کۆمەڵە و

نموونەی تری جگە لە کۆمەڵە و نموونەی توێژینەوەکە بەکاربهێنرێت (عبدالرحمن، ١٩٩٨: ٢١٨)، بۆ ئەم مەبەستە توێژەران هەستان بە داڕشتنی پەنجا (٥٠) بڕگەی تاقیکردنەوە بەپێی سەنگی ناوەڕۆک و ئامانجە ڕەفتارییەکان بەپێی ئامانجە زانەکییەکانی بلۆم، بەم شێوەیە:

خشتەی (١١)

خشتە تایبەتییەکان بۆ ئامانجە ڕەفتارییەکان

| ژ | بابەت | وانە | کێشی سەدی تاوەرۆک | بەیادهاتنەوە | ژمارەی پرسیار | تێگەیشتن | | جێبەجێ کردن | | شیکردنەوە | | پێکهێنان | | هەڵسەنگاندن | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | 0.352 | | 0.25 | ژمارەی پرسیار | 0.077 | ژمارەی پرسیار | 0.143 | ژمارەی پرسیار | 0.099 | ژمارەی پرسیار | 0.077 | ژمارەی پرسیار | |
| 1 | ڕێگای پرۆژە | 1 | 0.83 | 7 | 1.465 | 3 | 1.053 | 2 | 0.32 | 3 | 0.6 | 1 | 0.412 | 2 | 0.32 | 18 |
| 2 | ڕێگای چیرۆک | 2 | 0.167 | 5 | 2.93 | 5 | 2.106 | 1 | 0.64 | 2 | 1.19 | 1 | 0.824 | 1 | 0.64 | 15 |
| 3 | ڕێگای چنینەوە | 1 | 0.83 | 4 | 1.465 | 2 | 1.053 | 1 | 0.32 | 1 | 0.6 | 1 | 0.412 | 0 | 0.32 | 9 |
| 4 | ڕێگای هەڵهێنجان | 1 | 0.83 | 3 | 1.465 | 1 | 1.053 | 1 | 0.32 | 2 | 0.6 | 1 | 0.412 | 0 | 0.32 | 8 |
| 5 | ڕێگای فێربونی هەرەوەزی | 2 | 0.167 | 3 | 2.93 | 4 | 2.106 | 1 | 0.64 | 1 | 1.19 | 1 | 0.824 | 1 | 0.64 | 11 |
| 6 | ڕێگای گەردەلولی مێشک | 2 | 0.167 | 3 | 2.93 | 5 | 2.106 | 0 | 0.64 | 0 | 1.19 | 1 | 0.824 | 1 | 0.64 | 10 |
| 7 | ڕێگای چارەسەرکردنی کێشە | 1 | 0.83 | 3 | 1.465 | 1 | 1.053 | 0 | 0.32 | 1 | 0.6 | 1 | 0.412 | 0 | 0.32 | 6 |
| 8 | ڕێگای گەشتی زانستی | 1 | 0.83 | 2 | 1.465 | 2 | 1.053 | 1 | 0.32 | 0 | 0.6 | 1 | 0.412 | 1 | 0.32 | 7 |
| 9 | بەڕێوەبردنی پۆل | 1 | 0.83 | 2 | 1.465 | 0 | 1.053 | 0 | 0.32 | 3 | 0.6 | 1 | 0.412 | 1 | 0.32 | 7 |
| | کۆ | 12 | | 32 | | 23 | | 7 | | 13 | | 9 | | 7 | | 91 |

## ٤- بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن:

توێژەران بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنیان داڕشت بەو شێوەیەی کە ئاستە زانەکییەکانی دابەشکاریی بلۆم (بەیادهاتنەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە، پێکهێنان، هەڵسەنگاندن) دەپێویت لە ڕێگەی پرسیاری بابەتی و نیمچە وتارییەوە وەک لە خشتەی (١٢) دیارە، توێژەران پرسیاری بابەتییان بەکارهێنا، چونکە وەک (عودە، ١٩٩٣) دەڵێت: پرسیاری بابەتی بابەتی تر و گشتگیرترە و ئاستێکی بەرزی لە ڕاستگۆیی و جێگیری هەیە و کات و تێچوونی کەمتر پێویستە (عودە، ١٩٩٣: ٦١)، هەروەها توێژەران پرسیاری نیمچە وتاریان بەکارهێنا، کە پێویستە بۆ پێوانەکردنی پرۆسە زانەکییە بەرزەکانی بلۆم وەک شیکردنەوە و پێکهێنان (الطريری، ٢٠١٤: ٣١٧)، لە ئەنجامدا ژمارەی بڕگەکانی تاقیکردنەوە گەیشتە (٥٠) بڕگە.

خشتەی (١٢)

داڕشتنی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن:

| ژمارەی پرسیار | جۆری پرسیار | ژمارەی بڕگەکانی پرسیار |
|---|---|---|
| پرسیاری یەك (١) | بابەتی (ڕاست و هەڵە) | ٢٠ |
| پرسیاری دوو (٢) | بابەتی (هەڵبژاردن) | ٢٠ |
| پرسیاری سێ (٣) لقی (ا) | نیمچە وتاریی (وەڵام داخراو) | ٥ |
| پرسیاری سێ (٣) لقی (ب) | نیمچە وتاری (کورتکردنەوە) | ٥ |
| کۆی گشتی | سێ (٣) پرسیار | ٥٠ برگە |

## ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە:

مەبەست لە ڕاستگۆیی ئەوەیە کە تاقیکردنەوە بتوانێت بە ڕاستی ئەو توانستە یا ئەو خەسڵەتە یا ئەو ئاراستەیە یا ئەو ئامادەباشییە پێوانە بکات کە تاقیکردنەوەکەی لەپێناودا دانراوە، یاخود ئەوەیە کە بە ڕاستی ئەوە پێوانە بکات کە مەبەستیەتی پێوانەیبکات (عباس، ١٩٩٦، ٢٢).

## ڕاستگۆیی ناوەڕۆک Content Validity:

بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی ناوەڕۆک بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن، ناوەڕۆکی تاقیکردنەوەکە خرایە بەردەم (١٣) هەڵسەنگێنەری پسپۆڕ، لە ئەنجامدا توێژەران تێبینییەکانی هەڵسەنگێنەرانیان بەهەند وەرگرت و بەپێی ڕاوبۆچوونیان دەستکاریی بڕگەکانیان کرد.

## شیکاریی ئاماری بڕگەکانی دەستکەوتی خوێندن:

توێژەران تاقیکردنەوەکەیان بەسەر نموونەیەکی سەرەتاییدا جێبەجێکرد کە ژمارەیان (١٤٢) فێرخوازبوو، دوای هەڵەچنیی وەڵامی فێرخوازەکان، نمرەکانیان سەربەرەوخوار ڕیزکران، ئینجا (٢٧%) کۆمەڵەی سەروو، کە ژمارەیان (٣٨) وەڵام بوو، و (٢٧%) کۆمەڵەی

خواروو کە ژمارەیان (٣٨) وەڵام بوو وەرگیرا، دواتر هاوکۆلکەی گرانیی بڕگەکان و هێزی جیاکارییان بۆ دەرهێنرا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**- هاوکۆلکەی گرانیی بڕگەکان**

تویژەران دوای ئەوەی هاوکۆلکەی گرانی بۆ هەر بڕگەیەک دەرهێنا، دەرکەوت کە دەکەوێتە نێوان (٠،٤٣٤ - ٠،٧٦٣)، بلۆمیش پێیوایە کە ئەگەر هاوکۆلکەی گرانی لە نێوان (٢٠ , ٠) بۆ (٨٠ , ٠) بوو، واتای ئەوەیە کە بڕگەکانی تاقیکردنەوە هەموویان پەسەندن (العبیدی، ٢٠٠٥: ٩٣).

**٢- هێزی جیاکاریی بڕگەکان:**

دوای ئەوەی تویژەران تاقیکردنەوەکەی لەسەر نموونەیەکی سەرەتایی جێبەجێکرد، کە ژمارەیان (١٤٢) کەس بوو، دواتر نمرەکانیان سەربەرەوژوور ڕیزکراو (٢٧%) کۆمەڵەی سەرەوە و (٢٧%) کۆمەڵەی خوارەوە وەرگیرا، ئینجا تویژەران هێزی جیاکاریی بڕگەکانی بەپێی یاسای تایبەتی هەریەک لە جۆری پرسیارەکان دەرهێنا، کە بریتیبوو لە (٠،٢١٠ – ٠،٥٢٦)، ئەم ڕێژەیەش بە پەسەند دادەنرێت.

**٣- کارایی بژاردە هەڵەکان:**

دوای ئەژمارکردنی بژاردە هەڵەکان دەرکەوت کە هەموو بژاردە هەڵەکان هێزی کاراییان لە (٠,٠٥) زیاترە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە بژاردە هەڵەکان سەرنجی هەردوو کۆمەڵەی سەروو و خوارەوەی ڕاکێشاوە، بۆیە بژاردە هەڵەکان بە کارا دانران و مانەوە.

**٤- کاتی خایەنراوی پێویست بۆ تاقیکردنەوەکە:**

کاتی تاقیکردنەوە دیاریکرا لە ڕێگەی هەژمارکردنی کاتی تەواوبوونی وەڵامدانەوەی یەکەم فێرخواز کە بریتیبوو لە (٢٩) خولەک و کاتی

خایەنراوی وەڵامدانەوەی کۆتا فێرخواز کە بریتیبوو لە (٤٧) خولەک، دواتر لەم ڕێگەوە ناوەندی کاتی خایەنراو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە دیاریکرا کە بریتیبوو لە (٣٨) خولەک.

**٥- جێگیری تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن:**

توێژەران بۆ دۆزینەوەی جێگیری بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن بە پشتبەستن بە دەرەنجامەکانی تاقیکردنەوەی سەرەتایی، کە بەسەر نموونەیەکدا جێبەجێکرا ژمارەیان (١٢٠) فێرخوازبوو، بە پشتبەستن بە هاوکۆلکەی (ئەلفا کرۆنباخ) دەرکەوت کە جێگیریی بڕگەکان بریتییە لە (٠,٧٢٣)، ئەمەش ڕێژەیەکی پەسندە بۆ دڵنیابوون لە جێگیریی تاقیکردنەوەکە، بەمەش دوای هەموو ئەو ڕێکارانە تاقیکردنەوەکە ئامادەبوو بۆ جێبەجێکردن.

**٨.٩. ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە:**

توێژەران هەستان بە داڕشتنی پلانێک بۆ وتنەوەی وانەی ڕێگەکانی وانەوتنەوە بە ڕێگەی نەخشەکانی بیرکردنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەران (٩) پلانی وانەوتنەوەیان بۆ گرووپی ئەزموونی بە ڕێگەی نەخشەکانی بیرکردنەوە ئامادەکرد، هەروەها پلانی وانەوتنەوەی بۆ گرووپی کۆنترۆڵکراو بە ڕێگەی ئاسایی ئامادەکرد، پاشان نموونەیەک لە هەریەک لە پلانەکان خرایە بەردەست چەند شارەزا و پسپۆڕێک بۆ خستنەڕووی سەرنج و تێبینییەکانیان لەبارەی گونجاویی بابەت و ناوەڕۆک و ئامانجەکان، دوای ئەوە لەسەر بنەمای وەرگرتنی سەرنج و پێشنیاز و بۆچوونەکانیان پلانەکان گۆڕانکاری و چاکسازییان تێداکرا، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێژەی (٩٣%) هاودەنگیی شارەزایان و پسپۆڕان بۆ پەسەندکردنی پلانەکان وەرگیرا.

### ٩.٩. جێبەجێکردنی ئەزموونەکە:

دوای جێبەجێکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی توێژینەوە و ئامادەکارییە بەراییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەزموونەکە، توێژەران لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٢/٤) هەستان بە دەستپێکردنی ئەنجامدانی ئەزموونی توێژینەوەکە بۆ هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، بە تێکرای یەک بەشەوانە لەهەر هەفتەیەکدا، ئەمەش بە پێی پلانی ئامادەکراو بە ڕێگەی نەخشەکانی بیرکردنەوە بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی و پلانی وانەوتنەوە بە ڕێگەی ئاسایی بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، بەم شێوەیە ئەزموونەکە لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٤/١٩) کۆتاییهات.

### ١٠.٩. جێبەجێکردنی پێوەرەکە:

### تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن:

توێژەران تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنیان دوای تەواوبوونی وانە ئەزموونییەکان لەسەر هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، بە لەبەرچاوگرتنی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی تاکەکانی هەردوو گرووپ لە کات و شوێنی تاقیکردنەوەکە و بە یارمەتی مامۆستای وانەکە لە یەک کات و یەک شوێن لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٤/١٩) تاقیکردنەوەکە ئەنجامدرا.

### ١١.٩. ئامرازە ئامارییەکانStatistical Tools:

ئەو ئامرازە ئامارییانەی کە لەم توێژینەوەیەدا لە ڕێگەی پرۆگرامی ئاماریی (SPSS) بریتیبوون لە (تاقیکردنەوەی تی T.test (Two-Sample T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، کای دووجا- کای٢ (chi-square)، هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach Alpha)،

هاوکۆلکەی هێزی جیاکاری (Item Discrimination)، هاوکۆلکەی گرانیی بڕگەکان (Item Difficulty)، کارایی بژاردە هەڵەکان (Effectiveness of Distraction Formula).

### ١٠. خستنەڕووی ئەنجامەکان و ڕاڤەکردنیان:

#### ١.١٠. زانینی کاریگەریی ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە لەسەر دەسکەوتی خوێندن لە بابەتی ڕێگەکانی وانەوتنەوەدا لای فێرخوازانی فاکەڵتیی پەروەردە.

بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە توێژەران گریمانەیەکی سفریان داڕشت بەم شێوەیە (هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گرووپی ئەزموونی، کە لە ستراتیجی نەخشەی بیرکردنەوە وانەیان پێدەوترێتەوە لەگەڵ ناوەندی گرووپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگەی ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە دەسکەوتی خوێندنیان لە بابەتی ڕێگەکانی وانەوتنەوەدا)، بە مەبەستی دڵنیابوون لە دروستیی ئەم گریمانەیە توێژەران ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێودانگیان بۆ نمرەکانی تاکەکانی هەردوو گرووپی (کۆنترۆڵکراو و ئەزموونی) دەرهێنا، پاشان لە ڕێگەی بەرنامەی ئاماریی (SPSS) تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ دەرخستنی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری نێوان هەردوو ناوەندی ژمێرەیی هەردوو گرووپ ئەنجامدرا، دەرکەوت کە ناوەندی نمرەی بەدەستهاتووی گرووپی ئەزموونی بەهاکەی گەیشتە (٣٩.٧٣) نمرە بە لادانی پێودانگی کە بەهاکەی (٧.٣٤) نمرە، هەروەها ناوەندی نمرەی بەدەستهاتووی گرووپی کۆنترۆڵکراو بەهاکەی گەیشتە (٣٢.٨٦) نمرە بە لادانی پێودانگی کە بەهاکەی (٣.٤٨) نمرە خشتەی ژمارە (١٣) ئەمە ڕووندەکاتەوە.

خشتەی (١٣):

**دەرەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تی بۆ ئاماژەکانی جیاوازی لەنێوان ناوەندی نمرە بەدەستهاتووەکانی دەستکەوتی خوێندنی گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | نمرەی ئازاد | بەهای تی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ژمێرەیی | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ١٥ | ٣٩.٧٣ | ٧.٣٤ | ٢٨ | ٣.٢٧٢ | ٢.٠٤٨ | ٠.٠٥ |
| کۆنترۆڵکراو | ١٥ | ٣٢.٨٦ | ٣.٤٨ | | | | |

له خشتەی (١٣) دەردەکەوێت کە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندنی نمرەکانی گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو لە بەرژەوەندیی ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی گرووپی ئەزموونی، چونکە ناوەندی نمرەکانی گرووپی ئەزموونی بەرزترە لە ناوەندی نمرەکانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، هەروەها بەهای تی ژمێرەیی کە بریتییە لە (٣.٢٧٢) زیاترە لە بەهای تی خشتەیی، کە بریتیە لە (٢.٠٤٨)، بەمەش گریمانەی سفری توێژینەوەکە ڕەتکرایەوە و گریمانەی جێگرەوە پەسەندکرا، واتای ئەوەیە کە ڕێگەی ئەزموونی ستراتیجییەکانی نەخشەکانی بیرکردنەوە کاریگەریی هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی نمرەی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی ڕێگەکانی وانەوتنەوەی تاکەکانی گرووپی ئەزموونی کە بەو ڕێگەیە وانەیان پێوتراوەتەوە، بە بەراورد لەگەڵ تاکەکانی نموونەی توێژینەوە لە گرووپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگەی ئاسایی وانەیان پێوتراوەتەوە لە بابەتی ڕێگەکانی وانەوتنەوە. ئەم دەرەنجامەش بە بڕوای توێژەران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەخشەکانی بیرکردنەوە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی فێرخوازان لەگەڵ بابەتی خوێندراو باشتر کارلێکبکەن بە کاتێکی کەمتر (الحربی والانصاری، ٢٠١٩، ٧٠٣)، چونکە پشتدەبەستێت بە کاری هەرەوەزی، ئەمەش دەبێتە هۆی سوودوەرگرتنی فێرخوازان لە تواناکانی یەکتر و دواتر بەرزکردنەوەی ئاستیان، هەروەها وادەکات کە فێرخواز

زانیارییەکان ڕێکبخات و کارامەییەکانی بیرکردنەوەی بە شێوەی کرداری بەگەڕبخات، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنیان.

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە یەکانگیرە لەگەڵ ئامانجە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکانی (ڕیلی و ڕوس، ٢٠١٩)، (جبر و حمیدی، ٢٠١٥)، (عباس و دوانی تر، ٢٠١٨)، (أبوعیسی، ٢٠١٦)، کەوا دەریانخستووە نەخشەکانی بیرکردنەوە کاریگەرییان هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی فێرخوازان.

## ١١. ڕاسپاردەکان:

لەژێر ڕۆشنایی ئامانجە بەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەران ئەم ڕاسپاردانە پێشکەشدەکەن:

١- بەکارهێنانی ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە لە وانەوتنەوەدا لەلایەن مامۆستایان لە قۆناغەکانی باخچەی ساوایان و بنەڕەتی و ئامادەیی و پەیمانگە و زانکۆکان.

٢- ڕاهێنانی مامۆستایان لە ڕێگەی کردنەوەی خولەکانی ڕاهێنان لەلایەن زانکۆکانەوە لەسەر چۆنێتیی بەکارهێنان و جێبەجێکردنی ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە لە وانەوتنەوەدا.

٣- ڕاهێنانی فێرخوازانی کۆلیجەکانی پەروەردە لەسەر بەکارهێنانی ستراتیجییەکانی نەخشەکانی بیرکردنەوە لە وانەوتنەوەدا.

٤- ئامادەکردنی ڕابەری مامۆستا لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بۆ قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن کە تێیدا چۆنێتیی بەکارهێنانی ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە لە وانەوتنەوەدا ڕوونبکاتەوە.

٥- گرنگیدان بە ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە کۆلیجە پەروەردەییەکان لەلایەن زانکۆکانەوە.

## ١٢. پێشنیازەکان:

وەک تەواوکارییەک بۆ ئەم توێژینەوەیە توێژەران پێشنیازی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوانە دەکەن:

ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوە لە قۆناغەکانی تری خوێندن.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی کاریگەریی ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە بابەتە جیاوازەکانی خوێندن.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی کاریگەریی ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە لەسەر گەشەپێدانی جۆرە جیاوازەکانی بیرکردنەوە وەک (بیرکردنەوەی داهێنانکاری، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، بیرکردنەوەی لۆجیکی).

٤- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر کاریگەریی ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوەی ئەلیکترۆنی لەسەر دەستکەوتی خوێندن.

٥- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر کاریگەریی ستراتیجی نەخشەکانی بیرکردنەوە لەسەر گەشەپێدانی فرەزیرەکی.

## ١٣. سەرچاوەکان

- ابو جادو، صالح محمد عمي (٢٠٠٠) علم النفس التربوي، ط٥، دار المسيرة لمنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

- أبو سكران، محمد نعيم العبد (٢٠١٢) فاعلية استخدام خرائط التفكري في تنمية مهارات حل المسألة الهندسية واتجاه نحوها لدى طالب الصف الثامن الأساسي (رسالة ماجستير غير منشورة)، الجامعة الاسلامية-غزة، غزة- فلسطين.

- ابوعيسى، شيماء ابراهيم (٢٠١٦) اثر استراتيجية خرائط التفكير في تنمية التحصيل ومهارات ماوراء المعرفة نحو مادة العلوم لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية، مجلة كلية التربية- جامعة بورسعيد، العدد: ٢٠، يونيو ٢٠١٦.

- التتر، سماح سلامة (٢٠١٧) أثر توظيف إستراتيجية خرائط التفكير الإلكتروني في تعديل التصورات الخطأ وتنمية مهارة اتخاذ القرار في مادة العلوم لدى طالبات الصف السابع بغزة (رسالة ماجستير غير منشورة)، الجامعة الاسلامية بغزة، غزة- فلسطين.

- جبر، سعد محمد، اسماعيل موسى حميدي (٢٠١٥) اثر خرائط التفكير في تحصيل طلبة كلية التربية قسم اللغة العربية في مادة العروض، مجلة كلية التربية، العدد: ٢.

- الجبوري، مروة فاروق (٢٠١٥) أثر التدريس باستخدام خرائط التفكير الإلكترونية في تحصيل طالبات الصف العاشر الأساسي في مادة قواعد اللغة العربية وتنمية مهارات حل المشكلات في ضوء أنماط التعلم للطلبة (رسالة ماجستير غير منشورة)، كلية الدراسات العليا، الجامعة الأردنية، الأردن.

- جمال الدين، داليا محمد عبد المهيمن (٢٠١٨) خرائط التفكير الذهنية ودورها في تنمية مهارات التفكير الابداعي، مجلة العمارة والفنون، العدد:٧، ٢٠١٨.

- حبيب، مهدي جادر، سعد عبد الرزاق محسن، احمد صالح حسين (٢٠١٨) اثر استراتيجية خرائط العقل في اكتساب المفاهيم الجغرافية والاحتفاظ بها لدى طلاب الصف الأول المتوسط، مجلة جامعة بابل العلوم الانسانية، المجلد:٢٦، العدد: ٦.

- الحديبي، علي عبدالمحسن (٢٠١٧) فاعلية برنامج مقترح قائم على خرائط التفكير الإلكترونية في تنمية المفاهيم النحوية ومهارات الإعراب والكفاءة الذاتية في النحو لدي متعلمي اللغة العربية الناطقين بلغات أخرى، المجلة الدولية التربوية المتخصصة، المجلد: ٤١، العدد: ٤،أيار٢٠١٧.

- الحربي والانصاري، عبير بنت سعد، داود بنت مصلح (٢٠١٩) فاعلية توظيف استراتيجية خرائط التفكير المحوسبة في تنمية مهارات التفكير المكاني والتحصيل المعرفي في مقرر الدراسات الاجتماعية والوطنية لدى طالبات المستوى الثاني الثانوي في مدينة مكة المكرمة، مجلة الجامعة الاسلامية للدراسات التربوية والنفسية، المجلد: ٢٧، العدد: ٤، ٢٠١٩.

- الحنفي، عبدالمنعم (٢٠٠٥) الموسوعة النفسية- علم النفس والطب النفسي في حياتنا اليومية، ط١، دار نوبليس، بيروت- لبنان.

- السفياني، هلال محمد علي (٢٠٢٠) طرائق التدريس العامة، ط١، كلية التربية ومركز التعلم عن بعد، جامعة حضرموت، المهرة- اليمن.

- عباس وآخران، وفاء عبدالرزاق، فاضل عمران عيسى، امير احمد موسى (٢٠١٨) فاعلية خرائط التفكير في تحصيل طلاب الصف الثاني المتوسط في مادة الكيمياء ومهارات التفكير البصري لديهم، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية والانسانية، جامعة بابل- العراق.

- عباس، فيصل (١٩٩٦) الإختبارات النفسية، تقنياتها وإجراءاتها، ط١، دار الفكر العربي، بيروت- لبنان.

- عبدالرحمن، سعد (١٩٩٨) القياس النفسي- النظرية والتطبيق، ط٣، دار الفكر العربي للنشر والتوزيع، القاهرة- مصر.

- عبدالمؤمن،علي معمر (٢٠٠٨) منهج البحث التجريبي، ط١، جامعة ٧ اكتوبر، الادارة العامة للمكتبات- ادارة المطبوعات للنشر، بنغازي- ليبيا.

- عبدالوهاب، فاطمة محمد (٢٠٠٧) فعالية استخدام خرائط التفكير في تحصيل الكيمياء وتنمية بعض مهارات التفكير وعادات العقل لدى الطالبات بالصف الحادي عشر بسلطنة عمان، سلسلة دراسات عربيةفي التربية وعلم النفس، المجلد:١، العدد: ٢.

- العبيدي، ثمينة مهدي محمود سلمان (٢٠٠٥) أثر استعمال الحقيبة التعليمية في تحصيل طالبات الصف الرابع الاعدادي في مادة التربية الاسلامية (رسالة ماجستير غير منشورة)، جامعة بغداد، بغداد- العراق.

- العمراني، عبدالغني محمد اسماعيل (٢٠١٣) أساسيات البحث التربوي، ط١، دار الكتاب الجامعي للنشر والتوزيع، صنعاء- اليمن.

- عودة، أحمد (١٩٩٩) القياس والتقويم في العملية التدريسية، ط٣، دار الأمل للنشر والتوزيع، إربد- الأردن.

- غباري، ثائر أحمد و خالد محمد أبو شعيرة (٢٠١٠) مناهج البحث التربوي تطبيقات عملية، ط١، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان- الأردن.

- محمد، محمد فتحي علي (٢٠١٣) فعالية استخدام خرائط التفكير فى تنمية مهارات لاا ستدلال وتحصيل مادة الدراسات الاجتماعية لدى تلاميذ المرحلة الإعدادية (رسالة ماجستير غير منشورة)، كلية التربية- جامعة المنصورة، المنصورة- مصر.

- مراد، سهام السيد صالح (٢٠١٦) أثر استخدام خرائط التفكير في تدريس العلوم علي تنمية الحس العلمي لدى طالبات الصف الخامس الابتدائي، المجلة الدولية التربوية المتخصصة، المجلد: ٥، العدد: ٥، أيار٢٠١٦.

- نصار، احمد عبدالهادي (٢٠١٥) اثر استخدام استراتيجية خرائط التفكير في تنمية مهارات التفكير الناقد وعمليات العلم بالعلوم لدى طلاب الصف العاشر (رسالة ماجستير غير منشورة)، الجامعة الاسلامية- غزة، فلسطين- غزة.

- نصرالله، عمرعبدالرحيم (٢٠١٠) تدني مستوى التحصيل والإنجاز المدرسي أسبابه وعلاجه، ط٢، دارالوائل للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

- Hyerle, David, Ed.D (2004). Thinking Maps as a Transformational Language for Learning. In Student Successes With Thinking Maps School-based

research, results and models for achievement using visual tools. Alexandria, VA: ASCD.

- ________, David, Ed. D (1996) Thinking Maps Seeing is Understanding, Educational Leadership, Vol. 53, No. 4.
- Mohd, Intan Safinas. Albakri , Ariff (2016) Thinking Maps to Promote Critical Thinking through the Teaching of Literature in the ESL Context, Indonesian Journal of English Language Teaching and Applied Linguistics Vol. 1 No.1.
- Ravindra D. Sarode (2018) TEACHING STRATEGIES, STYLES AND QUALITIES OF A TEACHER, INTERNATIONAL JOURNAL OF CURRENT ENGINEERING AND SCIENTIFIC RESEARCH, Vol. 5 No. 5.
- Reilly, Joseph,M. Edmm, Ross ,Steven. M (2019) The Effects of Thinking Maps in Raising Student Achievement: A Retrospective Study of Outcomes from Implementing Schools. Center for Research and Reform in Education (CRRE) Johns Hopkins University.

**Abstract**

This research aimed to f Find out the effect of using the thinking maps strategy on students' academic achievement in teaching methods at the Faculty of Education - University of Koya. To achieve this goal, the researcher formulated this basic null hypothesis:

- There is no statistically significant difference at the level (0. 05) between the average scores of students in the experimental group who study by thinking maps strategy and the average scores of students in the control group; who study by normal method in academic achievement in the (teaching methods) subject.

In this research, the researchers used the quasi-experimental method, and this design is based on an experimental and a control group with a post-test.The research sample consisted of (30) male and female students, (15) students for the experimental group and (15) students for the control group, which were chosen by the intentional method from the students of the third stage in the Department of Education and Psychology.

The researchers formulated the behavioral goals of the subjects, and they were (91) behavioral objectives.

The following statistical methods were used in this research: Chi-square, T-test, Pearson correlation coefficient, Spearman's equation, difficulty equation, and discrimination equation.

After analyzing the results statistically, the researcher concluded that the students of the experimental group who studied using the thinking maps strategy were superior to the students of the control group that studied in the traditional way, and the difference was statistically significant at (0. 05) , meaning that the

thinking maps strategy has a positive effect on the students' academic achievement.

**ملخص البحث باللغة العربية**


هدف البحث الى تعرف اثر استعمال ستراتيجية خرائط التفكير في التحصيل الدراسي للطلبة في مادة طرائق التدريس بكلية التربية- جامعة كويه، ولتحقيق هدف البحث وضعت الباحثة فرضية صفرية اساسية وهي:

- ليست هناك فروق ذو دلالة احصائية في مستوى (٠,٠٥) بين متوسط درجات تحصيل الطلبة الدارسين باستخدام ستراتيجية خرائط التفكير ومتوسط درجات تحصيل الطلبة الدارسين بالطريقة التقليدية في الاختبار البعدي في مادة طرائق التدريس.

وقد استخدما الباحثين في هذا البحث المنهج الشبه- تجريبي، وهذا التصميم يعتمد على مجموعة تجريبية ومجموعة ضابطة مع اختبار البعدي. وتكونت عينة البحث من (٣٠) طالباً وطالبةً بواقع (١٥) للمجموعة التجريبية و (١٥) للمجموعة الضابطة والذين اختيروا بطريقة قصدية من طلبة المرحلة الثالثة بقسم التربية وعلم النفس، في كلية التربية بجامعة كويه.

وقد صاغا الباحثين الأهداف السلوكية للموضوعات فكانت (٩١) هدفاً سلوكياً، و بهدف تحديد اتجاه افراد عينة البحث نحو مادة طرائق التدريس، كما استخدمت في هذا البحث الوسائل الاحصائية الاتية: مربع كاي (كا٢)، الاختبار التائي T – test، معامل ارتباط بيرسون، معادلة سبيرمان، معادلة الصعوبة، ومعادلة التمييز.

وبعد تحليل النتائج احصائيا توصلا الباحثين الى تفوق طلبة المجموعة التجريبية التي درسَت باستخدام ستراتيجية خرائط التفكير على طلبة المجموعة الضابطة التي درسَت بالطريقة التقليدية، وكان الفرق ذو دلالة احصائية عند مستوى دلالة (٠,٠٥)، بمعنى ان استراتيجية خرائط التفكير لها أثر ايجابي في التحصيل الدراسي للطلبة في مادة طرائق التدريس.